ئەم دەنگە مەستە بە ڕەنگێ کەمن ناتوانم ببینم

ئەم ڕەنگە مەستە بەدەنگێ کەلە قوڵایدایە

مەگەر هەر بێدەنگی پێی بوێرێت

## تەرتیلەی پێنجەم /

دەستمان لەیەکتر دەترازێ و لێك وندەبین

وەك ئەوەی نەمن هەبووبم نەتۆ

تۆ دەبیتە گەردیلە نەبینراوەکانی ناو ڕەشەبا

بەیانیەکی قایم نوێژ

بەیانیەك کەڕۆشنایی هێشتا زەفەری پێنەبردبێ

دێیتەوەو بەگسکێك گەڵای هەڵوەریوی عومری من کۆئەکەیتەوە

دێیتەوە و دەمبینی وام لەدەمی زوڵمەتێکا

گۆرانی بۆ دولبەرێکی خۆڵاوی دەڵێم

سواڵی تۆزێ سورمەم دەکرد بۆ چاوانم

کەچی خاکی سورمە ڕێژی کەنعانم نەدەبینی لەپاڵ دەستما

چ یەعقوبێکی گوناهبارو نادان بووم نەم توانی

لەچاڵی ڕەشی کەنعانا یوسف ببینم

کەچی لەودوری دورەوەو لە میسر بۆنی کراسەکەیم دەکرد

چ یەعقوبێکی چارە ڕەش و گوناهبار بووم

هەرتەنها جارێ بۆ تاقیکردنەوە

خواخۆی کرد بە کوڕی من و منیش ناوم لێنا یوسف

هەر کەلێی غافڵبووم

سپاردیان بە چاڵی ڕەشی کەنعان

توخوا بەئەسپایی پێ لەسەر خاکی کەنعان دابنێن

باخودا لە و بیرەدا ڕانەچڵەکێ

توخوا بەکچانی ئەوێ بلێن

چاویان بەخاکی سورمەی کەنعان نەڕێژن

باپێڵوی چاوەکانی یوسف نەشەمزێ

هەرمێیەکی تەڕی جێماوی ژێربارانێکی پیر ,پیرتر لەم بێتاقەتیەی من

تازە ئیتر بەچی ئەچێت

پەلم بگریت یان پەلم نەگریت .... نارینا

## تەرتیلەی حەوتەم /

هەموومانت دۆزیەوە خۆت نەبێ

هەموومانت فڕێدایە بەر فوارەی ئەم عەزابەوە

بەمشت دەریات بۆ هێنایینە ناو ماڵەکانمانەوە و پێت وتین :

هەڵیمژن بۆنی ئەم سەرابە , هێندە بە قوڵی هەڵیمژن

تائاوێنەی گشت دەریاکانی دنیا لە دەستانا وردوو خاش دەبێ

هەموومانت فڕێدایە بەر تاشە تاشی ئەم زولمەتەوەو پێت وتین :

قوڵ بڕوانن بۆ نوری ئەم زوڵمەتە هێندە بە قوڵی بڕوانن

تادڵتان دەبێتەوە بە چنگێ خوێن لەناو لەپی دەستانا

تۆ نەلە ئاوێنەی دەریاکانا خۆت بینی

نەلەناو دڵۆپێ زوڵمەتی سەر جەستەی نورانیمانا توانیت سەیرێکی خۆت بکەی

وا دڵیشمان بوو بە چنگێك خوێنی سەر هەڵگرتوو

دڵنیام کەناشتوانیت لەناو خوێندا دەر بکەویت و هەڵ بکەی

خودایە دەزانم هەر لەبەر ئەمانەبوو

منداڵت لەخۆت داتاشی و دروستت کرد , تادەستت بەر خۆت بکەوێت و خۆت ببینی

خودایە ئاخر تۆ دڵمت کردە گلمتکێ خوێن

تازەچی بکەم .....؟

ئەم منالە لەکوێما هەڵبگرم .......!

خودایە ئەم منالێەت ببورە ئەم خوداییەت لەکوێما بشارمەوە

ئەم دەنگە لە قوڵایدایە  مەگەر هەر بێدەنگی پێی بوێرێت

* بەیتێکی (حاجی قادری کۆیی) ە

